# یەکگرتووی ئیسلامیو بیری نەتەوەیی

**ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی**
ismail.rwandzi@gmail.com

دوایین دەست تێکەڵاوکردنو دروستکردنی بەرەیەکی ئیسلامی – عروبی لە لایەن یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ جاشە کوردەکان، بەکرێگیراوانی میتی تورکی، سووننە ئیسلامییە – شۆڤینیستە عەرەبەکان، شۆڤینیستە داخ لە دڵەکانی لەبابەتی سالح موتەلەقو زافر ئەلعانیو کۆنە بەعسییە دژی کوردەکانی لیستی ئەلعراقیە، لە دژی پرۆسەی سیاسی ئێراقو دەستوورو فیدرالیەتی کوردستانو ماددەی 140 پیشانی دەدا کە خافڵبوون و کەمترخەمی لە بەرامبەر سەرەڕۆییەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان چەندە دەتوانێ زەربەیەکی کوشندە، بە یارمەتی دەوڵەتی شۆفینیستو ڕەگەزپەرستی عەرەبستانی سعودیو تورکیای تۆرانیو دەوڵەتە دکتاتۆرەکانی ناوچەکە، لە دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان بدات. من پێش زیاتر لە ساڵێک پێشبینی وەها کارێکی ئیسلامی سیاسیم، لە نووسراوێکمدا بەناوی (دەربارەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان)، کرد. من لەوێدا ووتبوم کە ( ئەمرۆ کوردستانی ژێردەستی ئێراق بە قۆناغی پرۆژەی شکلپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی و جوگرافی و سەربەخویی تێدەپەڕێ. دەتوانم بڵێم لەگەڵ بوونی دەستێوەردان و ترسی هێزە دەرەکییەکان بیری ئیسلامی سیاسی ترسێکی یەکجار گەورەی شاراوە و نادیارە لە سەر مەفهومی دەولەتی کوردی و بیری نەتەوەیی).

ڕاستییەکەی گرێدان و تێکەڵکردنی ڕەوتی ئیسلامی لەگەڵ ژیانی سیاسی کوردستان، بە تایبەتی پاش گەشە و بەهێزی ڕەوتی ئیسلامی سوننی عەرەبی لە ناوەڕاستی ئێراق شەهییەی زوو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، بەهەر قیمەتێک، لە لایەن ئیسلامییەکانی کوردی کردۆتەوە، لێرەشەوە ئەم ڕەوتە بۆتە تەحداییەکی سیاسیو ئەمنی گەورەی بەردەم بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو دەسەڵاتی کوردستان، کە هەروا بە ئاسانی ناتوانێ باز بەسەر ئەو مەترسیانە، بە ڕێکەوتنی ژێربەژێر و پەیوەندی دبلۆماسی لەگەڵ ئیسلامییەکان، بدرێ. نابێ هەڕەشەی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی لە سەر بیری نەتەوەییو سەروەری سیاسی کورد لە کوردستان بە کەم یاخود لە هەمان تای تەرازووی هەڕەشە لە سەر ئێراق دابنرێ. بۆچی؟ چونکە بارودۆخی کوردستان جیاوازی بنەڕەتی لە گەل ئێراقدا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جێگیرنەبوون و یەکلایی نەبوونی تا ئێستای شەرعیەتی نێودەولەتی سەروەری سیاسی نەتەوەی کورد لە کوردستان. هەربۆیە نابێ گومانمان لەوەدا هەبێ کە بە ئیسلامیبوونی بارودۆخو سیستەمی سیاسی لە کوردستان، بەهەر ڕادەیەک، تراژیدیا بۆ نەتەوەی کورد لەگەل َخۆی دێنێ. بۆچی؟ چونکە بێجگە لەوەی مەدەنییەت لە کوردستان ناهێلێت، ئەوا لە لایەک بە ئیسلامیبوونی دەسەڵات، لە کاتێکدا ئەجندە و پرۆگرامی ئیسلامی سیاسی نەتەوایەتی نیە، داهاتووی قەوارەی سیاسیو جوگرافیو کلتووری نەتەوەیی کورد تووشی تراژیدیایەکی نەتەوەیی و ئینسانی دەکا، و لەلایەکیتر ئەمرۆ ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە کوردستانی ژێر دەستی ئێراق لەم قۆناغە سیاسیە مێژووییەی تێیداین ئەگەر دەرەفەتێکمان هەیە بۆ گەشەپێدانی قەوارە سیاسیەکەمان، بەدەر

له ئیرادەی خۆمان، ئەوەیە کە نابێ خۆی ڕووبەڕوو بکاتەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا. ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی هەمان پەیام و شوێنی ناسیونالیزمی ڕادیکاڵی عەرەبی و مارکسیزمی سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی جارانی هەیە لەمەڕ دژایەتی کردنی "ئیمپریالیزم"ی ئەمریکا. بۆیە کورد دەبێ زۆر زیرەک تر بێت لەوەی تراژیدیای سەردەمی جیهانی "شەری سارد" دووبارە بکاتەوە و خۆی بێت جێگای ڕەوتەکانی دژی ئیمپریالیستی ئەو سەردەمە لە قازانج ئەجنداو بەرژەوەندی قەومی عەرەبی، بگرێتەوە.

لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە بکەین کە بۆچی "یەکگرتووی ئیسلامی" ئامادەیە دەست تێکەڵاو بکات لەگەڵ سەرسەخترین دوژمنەکانی کورد بەبێ پێشاندانی کەمترین مەسئولییەتی سیاسیو ئەخلاقیو نەتەوەیی بەرامبەر بەو فورستە مێژووییەی کە بۆ نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستاندا خولقاوە لە ڕاستای گەیشتن بە ئامانجەکانی؟ وڵامی ئەم پرسیارە دەتوانم لەم چەند خاڵە کورت بکەمەوە؟

1– بیری ئیسلامی سیاسی کورد بە گشتی، لەوانەش "یەکگرتوو"، لە بنچینەدا لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بیری نەتەوەییو ناسیۆنالیزمی کورد سازبووە، ئەمەش چونکە بیری ئیسلامی سیاسی هیچ بنچینەیەکی کوردانەی نییە چونکە لە ڕووی مێژووییەوە واتە لەو کاتەی کە ئیسلامی سیاسی لە دووای ڕووخانی خیلافەتی ئوسمانی سەریهەڵدا تا ئێستاش کە ئیسلامی سیاسی بوەتە هێزێک لە کوردستان ، میللەتی کورد هیچ کاتێک خاوەنی ڕووناکبیری ئایینی نەبووە. مەبەستم لە ڕووناکبیری ئایینی بەمانای ئەو ئیسلامگەراییەی کە لە شێوازی ئەمرۆدا هاتۆتە گۆڕێ. ڕاستییەکەی گەشەی ئیسلامی سیاسی لە بنچینەدا بەرهەمی ڕەتکردنەوەی سکۆلاریزم لە کۆمەڵگا عەرەبییەکانو شکستی پرۆژەی بزووتنەوەی قەومی عەرەبیو سۆسیال– شۆفینیستەکانی عەرەبە لە بەدیهێنانی "یەکێتی نەتەوەیی عەرەب" و "مەزنخوازی نەتەوەی عەرەبی". ئەگەر سەیرکەین کاریگەری ڕەوتی ئیسلامی گرنگیەکی ئەوتۆی نەبوو کاتێک گەلی عەرەب پێیوابوو پرۆژەی ڕەوتە قەومی و سۆسیال ـ قەومییەکانیان بە "یەکێتی نەتەوەیی" و "مەزنخوازییان" دەگەیەنێ. هەربۆیە ئەگەر سەیرکەین یەکەمین کارێک کە ئیسلامییەکانی کورد، بەوپێیەی پاشکۆی ئیسلامییە قەومییەکانی عەرەبن، دەیکەن شێواندنی ناسنامە و جوگرافیای نیشتمانی و ڕۆشەنبیری کوردییە لە قازانج بڕەودان بە بیری "ئوممەی ئیسلامی" کە جوگرافیاو ڕۆشنبیریو کلتووری عەرەبی تیایدا سەردەستە.

2– یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، نە خاوەن پرۆژیەکی نەتەوەییە، و نە هێزێکی خۆمالیشە، بۆیە لە کردەوەدا کوردستانیبوونی جێی گومانە. زۆرجار هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان باس لە کوردستانیبوون و ڕەسەنایەتی خۆیان دەکەن بەڵام ئەمە فڕی بە ڕاستییەوە نییە چونکە بیری ئیسلامی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان هەر لە "یەکگرتووی ئیسلامی" ەوە بگرە تا "کۆمەڵی ئیسلامی" و بەشی زۆری ، نەک هەمووی ، ئەوانی تر لە ڕەسەنایەتییەکی کوردی بەهرەمەند نین و خۆماڵیش نین ، بەڵکو شتی دەستکردن و لە دەرەوەدا هاتوون . تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ میللەتی کورد خاوەنی بیرمەندێکی موسلمانی ڕەسەنی کوردستانی ، کە تەفسیر و سەربەخۆیی فکری کوردستانی هەبێ ، نییە . ئەوەی تا ئێستا ئەگەر بووبێش زیاتر لەژێر کاریگەری بیرمەندە ئیسلامییەکانی عەرەب و تورک وفارس بووە و نەگونجاو بووە لەگەڵ پێویستی جێگەی کورد لە هاوسەنگی جیهانیدا. دیارە کە من باسی ناکوردستانییەتی ئەو هێزانە دەکەم مەبەستم ئەوە نییە کە مەتریالی ئەو هێزە ئیسلامییانە خەڵکانی کورد نین، بەڵکو کوردستانی نیین چونکە پرۆژە سەرەکییەکەیان "رزگاری ئوممەی ئیسلامیە".

بۆ من ڕاگەیاندنی سیاسی ئەم هێزە ئیسلامییانە لەمەڕ کوردستان و کوردبوونیان گرنگ نیە . بۆچی؟ چونکە بەرنامەی ئیسلامی سیاسی لە هەموو حالەتێکدا جۆرێک لە ئنترناسیونالیزمی ئایینی تێدایە کە تیایدا نەتەوەی کورد زۆر نزمترە لە "ئوممەی ئیسلام . "بەمانایەکی تر یەکگرتوویی "ئوممەی ئیسلامی" زۆر بەرزتر و گرنگترە لە لە یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد. بۆیە هێزێک ئەوکات دەتوانێ ئیدعای کوردستانیبوون بکات ئەگەر ئاراستەی ناوەندی سیاسەتی پرۆژەی رزگاری نەتەوەیی و کوردستان بێت. بیری ئیسلامی سیاسی بەوپێیەی پێناسەی ئیسلامی لەسەر حیسابی پێناسەی نەتەوەیی و کوردستانی بە سەر گەلی کورد دەسەپێنێ ئەوا بەدەر لە ئیرادەی ئێمە و ئەوان سیاسەتێکی لەو جۆرە لە کردەوەدا پاشکۆبوونی کورد بۆ نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان، وەک عەرەب، تورکو فارس، بەرهەم دێنێتەوە. لێرەوەیە کە بە درێژایی مێژووی خەباتی نوێی کورد هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان هەستی ئایینیو ئیسلامی کوردیان وەک ئیسلامێکی سیاسی بەکارهێناوە وەک بەشێک لە ڕێگریدانان لەبەردەم رزگاری نەتەوایەتیمان. بۆیە دەبێ بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەوتی وەک کورد هەموو پێناسەکانیتر زۆر لاوەکی بن لە بەرامبەر پێناسەی نەتەوەیی. پێناسەی نەتەوەیی بۆ ئێمە دەبێ لە پلەی یەکەمدا بێت و لە هەمان کاتدا دەبێ پێشمەرج و فلتەری هەر هێزێکی سیاسی، لەوانەش ئیسلامییەکان، بێت لە کوردستان.

یەک مەسەلە دەبێ زۆر ڕۆشن بێت کە قۆناغی دیاریکراو و کۆنکریتی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان، لە پەیوەند بە ئیسلامی سیاسی، یەکجار چارەنووسازە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە کێشمەکێش لە سەر دەستەڵاتی سیاسی لە کوردستان قەوارەو سەروەری سیاسی داهاتووی کورد دیاری دەکا. لەم بەینەدا کاتێک هێزە ئیسلامییەکان، لەوانەش "یەکگرتوو"، بە هەر هۆیەکەوە دێنە مەیدانی ئەم کێشمەکێشەو لەم ڕاستایەشدا بەرەی ناپیرۆز لەگەل دوژمنە سەرسەختەکانی کورد دروست دەکەن و بەمەش هێزە نەتەوەییەکان لەگەڵیَدا ڕووبەڕوو دەبنەوە ئەوا نابێ ئەوە بشارینەوە کە بە خەڵک و میللەتی کوردستان بڵێین کە ئەم هێزە ئیسلامییانە ئەجندا و پرۆگرامی نەتەوەییان نییە، بەڵکو ئەمانە بەدوای پێکهێنانی "ئوممەی ئیسلامی" ین ، "ئوممە"یەک کە تا ئەمڕۆش ڕێگری جیدی و سەرەکی رزگاری و قەوارەی سیاسی نەتەوایەتی کورد بووە. بۆیە دەبێ ڕۆشن بکرێتەوە بۆ میللەتی کورد کە لە لایەک ململانێی ئێمە لەگەڵ ئایینی ئیسلام نییەو لە لایەکی تر ئەم هێزانە، لە کاتێکدا بەهۆی بیرو پرۆگرامیان ناتوانن نەتەوەیی بن، ئەوا لە حالەتی تێکچوونی بارودۆخی کوردستان بە قازانجیان ناتوانن ڕەسەنایەتی کوردستانەشیان هەبێ.